# لەودیووی دەمامکی ئەوروپای ئاشتیخوازەوە!

مستەفا گەرمیانی

ئەوروپییەکان خۆپیشاندان و مانگرتن بۆ ئاشتی دەکەن و سەددامیش کەڵکئاوەژووی لێ وەردەگرێت! دەزگاکانی راگەیەندنی ولاتانی ئەوروپا بۆ خاپاندنی رای گشتی دەتوانن فیلێک بکەنە مێروولەیەک و مێروولەیەکیش بکەنە فیلێک، خەڵکەکەیش بڵێن وایە! پرسیارێکی لۆژیکی ئەوەیە کە ئایا سەددام بە چەکی چ ولاتێک بووەتە هیتلەری بەغدا، شمشێری عەرەبی یان تانک و تۆپ و چەکە کۆکوژییەکانی ئەوروپا؟ پرسیارێکی تر ئەوەیە کە ئەگەر خەڵک و حکومەتەکانی ئەوروپا بە راستی ئاشتیخوازن، بۆچی خۆپیشاندان ساز ناکەن بۆ داخستنی کارخانەکانی چەک لە ولاتەکانی خۆیاندا، ئەو کارخانانەی کە زیاتر لە دوو ملیۆن کرێکاریان هەیە؟ دوو ملیۆن کرێکاری کارخانەکانی چەکی ئەوروپا ئەگەر تەنیا مانگێک لە کارکردن مان بگرن، نیوەی شەڕەکانی هەموو جیهان خۆبەخۆ ناچاری ئاگربەست دەبن. ئاشکرایە ناوچە شەڕئامێزەکان و ولاتە کارەساتئامێزەکان زۆرن و تەنها عێراق نییە. هەر لەم ئان و ساتەدا هاوکات لەم ولاتانە جەنگ و کارەسات و پێکدادان بەردەوامە ( کۆلۆمبیا، کۆنگۆ، لایبیریا، سیرالیۆن، کشمیر، ئیسرائیل، چیچەنستان، ئێرلەندای باکوور و هتد) ، ئەمانە جگە لەوەی کۆریای باکوور و باشوور و هیندوستان و پاکستان، هەموو ئان و ساتێک لە کاتی ئامادەباشین بۆ جەنگ.
ئایا ئەوروپا بۆچی پانزە ولاتی کارەساتاوی و لە جەنگدا نوقوم بوو فەرامۆش دەکات و تەنیا بۆ خەڵکی عێراق ئەشکی تیمساح هەڵدەڕێژێت؟ دیارە لە ئەوروپا (بانێکە و دوو هەوا) !
ئەوەی روون و ئاشکرایە کە ئەڵمانیا و فەرەنسا ترسیان لەوە هەیە کە ناوی سەدان کارخانەی چەکی کۆکوژی ئەم دوو وگتە کە هاوکاری رژێمی عێراقیان کردووە بە رووخانی سەددام ئاشکرا بێت و رەنگە بچنە لیستی دادگایکردنەوە لە دادگای نێودەوڵەتی لاهای. هەروەها ئەم دوو ولاتە دەیان پرۆژەی بازرگانی لەگەڵ رژێمی عێراقدا هەیە کە لە دوای رژێمی سەددام ئەو پرۆژە بازرگانییانەش رادەوەستێت. رووسیاش لەگەڵ رژێمی سەددامدا زیاتر لەو دوو ولاتە بەرژەوەندی ئابووری هەیە، بەرژەوەندی بازرگانی چەک و نەوت و زۆر شتی تریش. ئەمە جگە لەوەی کە سەددام دەیان ملیارد دۆلار بە رووسیا قەرزارە و لەگەڵ تیاچوونی سەددامدا رەنگە ئەو سەرمایەیەی روسیاش تیابچێت!
کەوابوو مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی بەناو لایەنگرانی ئاشتی لە رۆژئاوای ئەوروپاوە تاکو رۆژهەلاتی ئەوروپا و شوێنەکانی تریش تەنها دەمامکی سپییە و هەڵدانەوەی پێویستە تاکوو سیمای رەشی دووڕووەکانی ئەوروپا و جیهان ئاشکرا بێت.

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣